# د.کەمال لەنێوان بەردداشی "یەکێتیی" و"پارتیی" دا

خەتاب سابیر
28-02-2006

کێشەی د.کەمال سەیید قادر گومانی تێدا نییە بەویستی دەسەڵاتی سیاسیی نەچەرخا، دەسەڵات بەهەموو لۆژیکی سیاسیی خۆیەوە پێی وابوو رفاندن و بێسەروشوێنکردنی پسپۆڕێکی یاسایی و مامۆستایەکی زانکۆی بۆ دەچێتە سەر، وەک ئەو سەدان قوربانییەی کە لەنێوان بەردداشی شەڕی نێوخۆی هەردوو دەسەڵاتدا گومناوبوون .

هاوکات گومانیشی تێدا نییە، هیچ دۆزێکی تر لەنێوەندی رۆشنبیریی کوردییدا ئەوەندەی دۆزی د.کەمال پانوپۆڕ نەبووەتەوە، بەڕادەیەک سنووری ئەم ناڕەزاییەتییانە تەشەنەی کردووە، کە دەسەڵات دەبووایە کەم تا زۆر ئاوڕێکی لەکارکردەکانی خۆی بدایەتەوە. ئێستا لەنێوان کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەماڵ و دەسەڵاتێکی سیاسییدا کە خاوەنی پتر لە 60 ساڵ تەمەن و چەندین بیلیۆن دۆلارو دەزگای راگەیاندن و سەدان هەزار لایەنگر و ئەندامە، هیچ بەراوردکردنێک دروست نییە.

ئەو هەموو نارەزایەتیی و خۆپیشاندانی بەردەم باڵوێزەکانی ئەمێریکا و سەردانی نوێنەرانی کەمپەینی ئازادیی بۆ باڵوێزەکانی ئەمێریکا و نەمسا لەوڵاتانی جۆراوجۆر و ناردنی دەیان هەزار ئیمەیڵ بۆ نێوەندە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتەکان و میدیای جیهانیی و سازادانی دەیان چاوپێکەوتنی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیی و نووسینی سەدان وتار لەسەر ئەم دۆزە لەلایەن نووسەران و ئازادییخوازان و لایەنگرانی ئەو کەمپەینەوە و کە بەردەوامن لەسەر درێژەپێدانی جگە لە بەتەنگەوەبوونیان بۆ چەمکی ئازادیی بیروڕادەربڕین و رێزگرتن لەمافی مرۆڤ و پەرۆشییان بۆ ئازادیی د.کەمال ، ئەجێندایەکی تایبەتییان نییە.

پتر لەچوار مانگە، هاواری ئازادیخوازان و نووسەران و رۆشنبیرانی کورد دەنگ دەداتەوەو داوا لەدەسەڵاتی سیایی دەکەن، د.کەمال سەیید قادر بەبێ بەندومەرج ئازاد بکرێ و رێز لەسیستەمی دادوەریی و ئازادیی بیروڕادەربڕین بگیرێت، کەچیی ئەم دەسەڵاتە بەهەردوو ئیدارەکەیەوە تەواو خۆی کڕ کردووەو گوێی خۆی ئاخنیوە. ئەم بەهەند وەرنەگرتنەی جموجۆڵی شەقامی کوردیی و دەنگی ئیلێتی نووسەرانی کورد و ئازادیخوازان بۆخۆی مەودایەکی سامناک نیشان دەدات لە دووریی دەسەڵات و پێوەندیی ئەم دەسەڵاتە بەژیان و گوزەران و ئازادیی خەڵکەوە.

ئەوەی تائێستا بۆ ئازادیی د.کەمال کراوە لەلایەن نووسەران و ئاکادیمستانی کوردستانەوە بۆ هیچ کەسێکی تر نەکراوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە لەمە زێتر ناکرێت، بەپێچەوانەوە چاوەڕوانییەکانی خووشکانی د.کەمال سەیید قادر و کەمپەینی ئازادیی و ئازادیخوازان زۆر لەوە زێتر بوو، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەم شەپۆلە نارەزایەتییە جگە لەتاراوگە و لەکوردستانی باشووردا، ئەویش لەهەردوو شاری کەرکوک و سلێمانی و ناوچەکانیان نەبێت ، بۆ شاری هەولێر نەپەڕیوەتەوە شێرزاد حەسەنی نووسەر ئەگەر کوردزمان نەبووایە، لەهەر نەتەوەیەکی تر بووایە، بەئەفسانەی نووسین دەچوێنرا و بەخۆشەویسترین و پایەدارترین کەسایەتی دنیای نووسین دەنرخێنرا ، وەلی مەخابن سێ جار بەتایبەت بۆ دۆزی د.کەمال سەیید قادر چووەتە شاری هەولێر بۆلای نووسەران و رۆشنبیرانی هەولێر، تەنانەت واژۆیەکیشی دەست نەکەوتووە. ئەمە جگە لەتراژیدیا ناوی چیتر هەڵدەگرێ . ئەوە نووسەران و رووناکبیرانی بادینان هەر باسێکیان لەسەر ئەم دۆزە بەباش و بەخراپ نییە.

بەبڕوای من سێ کەس لەنووسەرانی کورد جوانترین و وردترین شرۆڤەیان بۆ ئەم دۆزە کردووە، بەختیار عەلی لە هەفتەنامەی "ئاوێنە"دا بەزمانێکی کریتیکانەی باڵا شیکردنەوەیەکی سیاسییانەو ئەدەبییانەی زۆر جوان بەباڵای یەکێتیی و پارتییدا دەبڕێ . ئەو دەڵێ یەکێتیی و پارتیی تەنها لەسەر دەسەڵات و پارە بەشەڕ دێن ، بەواتایەکی تر ئەم دوو هێزە لەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتکردنی ئازادیی بیروڕادەربڕیندا یەکدەست و یەکدەنگ و یەکرەنگن، ئەگەر بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسییەکانیان پێکەوە ئامباز بن. د.بورهان یاسین وەک ئاکادیمستێکی کورد وێنەیەکی سیاسیی ناشیرینییەکانی

دەسەڵاتی ، بەوێنەیەکی شیعریی چوواند. ئەو چەندین جار لەقسەوباسەکانیدا وەک سەرپەرشتیارو راوێژکاری کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە د.کەمال رێگەیەکی دووریی بۆ کورت کردینەوەو پەنجەرەیەکیشی بۆ والا کردین ، کە لەو پەنجەرەیەوە بتوانین دیوی ناوەوی دەسەڵاتی کوردیی ببینن و بزانین چ ماڵوێرانییەک لە سیستەمی داد و یاسا لەکوردستاندا هەیە!، چ ستەمێک لەمافی مرۆڤ و ئازادیی بیرورادەربڕین دەکرێ!.

د.کەمال میراودەلیی نووسەر و ئاکادیمستیش لە شیکردنەوەکانی خۆیدا لەسەر ئەم دۆزە بەزمانی ئینگلیزیی ، پێناسەیەکی زۆر جوانی نووسەرانی سەر بەدەسەڵاتی کردووە. ئەو لەو چوواندنەیدا نووسەرانێک کە پێشتر بەهەزاران وشەیان لەسەر مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مۆدێرن و سیڤیل نووسیوە، بەڵام بۆ ئەوەی نانیان لەڕۆن نەبڕێ و گیرفانەکانیان لەپارەی دەسەڵات بێناز نەبن ، نوتقیان لەخۆیان بڕیوە. بەمەشەوە ناوەستن، بۆ داپۆشینی سکانداڵی بێدەنگیی و پاکانەکانی خۆیان ، د.کەمال سەیید قادر دادەماڵن لەهەموو بەهایەکی مرۆیی و بەجوێنفرۆشی لەقەڵەم دەدەن. من زۆر بەوردیی چاودێریی ئەم دۆزەم هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا کردووە، بەبڕوای قووڵی من ئەوانەی دژایەتی د.کەمالیان کرد و پاکانایەیان بۆ دەسەڵات هێنایەوە چ بەنووسین و چ بەئاخاوتن لە رادیۆکان یان لە ژوورەکانی پاڵتۆک لە ئینتەرنێتدا ، کە بە ئاستێکی زۆر نزم هێرشیان دەکردە سەر د.کەمال تەنها بۆ ئەوەی دەسەڵات ئاوڕ لە خۆشخزمەتییەکانیان بداتەوە، گەورەترین شکستیان بۆخۆیان تۆمارکرد. شکستێک کە هەندێکیانی بەیەکجاریی سڕییەوە لەپانتایی مۆراڵی نووسین و وێژەی کوردییدا. بەڵام خۆشبەختانە ژمارەی هەموو ئەمانە لە ناو هەموو گەلی کوردستاندا بە ژمارەی قامکەکانی هەردوو دەست ناگەن.

لە چوار مانگدا، نە یەکێتیی و نەپارتیی لەرێگەی میدیا فەرمییەکانیانەوە ، بەیەکەوەو لەیەک کاتدا باسی ئەم دۆزەیان نەکردووە، ئەوە چ رێکەوتێکە لەپڕێکدا و لەیەک رۆژدا هەردوو رۆژنامەی کوردستانی نوێ و خەبات لە دووشەممەی رابردوودا ( 27-02-2006 ) لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیاندا باسیان لەم دۆزە کردووە. میدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەم و زۆر خۆی لەم دۆزە نەداوە جگە لەسایتەکانییەوە نەبێت. زۆر لە ئازادییخوازان و تەنانەت

لەناو خودی ئەندامان ولایەنگرانی (یەکێتیی)ش ئەو گوومانە هەبوو کە بێدەنگیی یەکێتیی لەسەر دۆزی د.کەمال سەیید قادر ، خۆی لەخۆیدا بەشدارییکردنە لە رفاندن و بێسەروشوێنکردنیدا. بێ سوور نییە ئەو هەموو کەسایەتیی و نووسەرو لایەنانەی داوای هەڵوێست وەرگرتنیان لە ینک کردو هیچ وەڵامێکیان وەرنەگرتەوە.

رۆژنامەی خەبات لەهەمان رۆژدا ، شتێکی زێتر لە کوردستانی نوێ دەڵێت ، ئەویش ئەوەیە، کە د.کەمال سەیید قادر "تانەوتەشەری لەکەسایەتی هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی داوە " بۆیە دادگاییکرا؟! لێرەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەبێت هەڵوێستی سیاسیی فەرمیی بدات لەسەر ئەوەی تا چەند دەستی لەو چەرمەسەرییانەدا هەیە کەبەسەر د.کەمالدا هاتووە، من دڵنیام لەوەی ئەگەر یەکێتیی هەڵوێستیی خۆی روون نەکاتەوە، ئەوا بەر رەخنەی تووندی ئازادییخوازان بەگشتیی و بەشێوەیەکی "تایبەتیی" ش بەر شەپۆلی نارەزایەتییەکانی کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال سەیید قادر دەکەوێت. ئەم کارەش زۆر ئاسانتر دەکرێ بەرامبەر بەیەکێتیی ، چونکە سەرۆکی عێراق کەسی یەکەمی ناو یەکێتییەو بەرپرسە لە هەموو هاوڵاتییەکی کوردستان و عێراق ، هاوکاتیش دەستڕاگەیشتن بە نێوەندە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا و جیهان زۆر سانایەو گوشارێکی سیاسیی زۆر لەسەر یەکێتیی دروست دەکرێ.

دەسەڵاتی کوردیی دەیویست بەبێدەنگیی و خەفەکردنی "نا"کان ، مەسەلەی د.کەمال سەیید قادر، بەپشتدا بخات و خەڵک سارد بکاتەوەو ئەم دۆزە دیزە بەدەرخۆنە بکات . بەڵام بەهەوڵ و کۆششی رۆشنبیران و ئازادییخوازانی کوردستان و تاراوگە لە بەرینترین مەودادا ئەم بێدەنگییە زرێنرا، هەر ئێستا هیچ نووسەر و ئازادییخوازێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئەوەندەی د.کەمال سەیید قارد لەنێوەندە نێودەوڵەتییەکان و ریکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤدا دەنگی نەداوەتەوە. "دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی " ش بۆ یەکەمجارە لەمێژووی دوورونزیکی خۆیدا رووبەڕووی ئەو یەکرێزییە لە دەنگی "نا" دەبێەوە.